دەزگای دژەتیرۆری عێراق ئاماری ئێپۆراسیۆنەکانی بۆ مانگی کانونی دووەمی خستەڕوو



دەزگای دژەتیرۆر ئاماری ئێپۆراسیۆنەکانی بۆ مانگی کانونی دووەمی خستەڕوو .

سەباح نوعمان وتەبێژی دەزگاکە بۆئاژانسی هەواڵی فەرمی ڕاگەیاند کە دەزگای دژەتیرۆر وەک شیکردنەوەیەک بۆ ئێپۆراسیۆن و ئاستەکانی مەترسیەکانی داعش و کاری هەواڵگری و کۆکردنەوەی زانیاریەکان دەربارەی داعش تیرۆریستەکان و ئێپۆراسیۆنە پشوختەکانی لە ڕۆژهەڵات و ناوچەی مەکحول و چیاکانی حەمرین و دەڤەری زغیتون سەرکەوتنی گرنگی بەدەستهێناوە.

وتیشی لەماوەکانی پێشوودا و لە مانگی کانونی دووەمدا دژەتیرۆر ئێپۆراسیۆنی پشوختەی دژبە مەڵبەندکانی داعش ئەنجامداوە ئەویش بەپێی زانیاری هەواڵگری زۆر ورد کەتاکووئێستا دەرئەنجامی باشی پەکاوە.

ڕوونیشی کردەوە کە لەماوەی مانگی پێشوودا هێزەکانی دژەتیرۆر 23 ئێپۆراسیۆنی ئەنجامداوە کە بەهەیەوە 132 تیرۆرستی دەستگیرکردووەو 9 میوانگەی داعشیشی تێکشکاندووە.

ئاماژەشی بۆکردکە بەفەرمانی سەرکی دژەتیرۆر فەریق ڕوکن کریم تەمیمی کەشش هەواڵگریەکان بەردەوام دەبن لە نهێشتنی ماددەهۆشبەرەکان ، کەتاهێنووکە ژمارەیەک لە بازرگانانی ماددەهۆشبەرەکان دەستگیرکراون.